
گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانەیە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات
SARDAM
١٤٧
شوبات
٢٠٢٢
منداڵی سەردەم
سەرسوڕهێنەر



# منداڵی سەردەم

گۆڤارێکی منداڵانەی مانگانەیە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەریدەکات


١٤٧
شوبات
٢٠٢٢

خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سەرۆکی فەخری
شێرکۆ بێکەس

سەرۆکی دەزگا
ئازاد بەرزنجی

سەرنووسەر
هەڵکەوت عەبدوڵڵا

نەخشەسازیی هونەری
سەرنووسەر

وێنەکێش
گۆران ئەحمەد


## لەم ژمارەیەدا


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | دەستپێک | ٣ |
| ٢- | مامۆستا خۆر | ٤-٥ |
| ٣- | گوڵدانی زانین | ٦-٧ |
| ٤- | ڕەچەڵەکی شتەکان | ٨-٩ |
| ٥- | تاقیگەی بڕیار: حیکایەتی هەنگوین | ١٠-١١ |
| ٦- | جلی تازە، پڵاو بخۆ | ١٢-١٣ |
| ٧- | جیهانی سامان | ١٤-١٥ |
| ٨- | ڕۆزا و هاوڕێکانی | ١٦-١٧ |
| ٩- | تاقیکردنەوەی ژیری | ١٨-١٩ |
| ١٠- | پۆستەی ژمارە: سەرسووڕهێنەر | ٢٠-٢١ |
| ١١- | ناوی من مەیموونی لووت درێژە! | ٢٢-٢٩ |
| ١٢- | ئامۆژگارییەکانی ژیاری ژیر | ٣٠-٣١ |
| ١٣- | کۆڕۆنا هێشتا ماڵئاویی نەکردووە | ٣٢-٣٣ |
| ١٤- | زەیتوون | ٣٤ |
| ١٥- | سینەمای منداڵان: فیلمی دێوەکان | ٣٥ |
| ١٦- | ١٠ جیاوازی | ٣٦-٣٧ |
| ١٧- | بە دەستی خۆم | ٣٨ |
| ١٨- | بەهرەی هونەری | ٣٩ |
| ١٩- | چیرۆک بە بێ وتە | ٤٠ |



بۆ پەیوەندیکردن
ژمارەی تەلەفوونی سەرنووسەر
٠٧٧٠١٥٣٦٠٤٤
halkauta@gmail.com


ئەو بابەتانەی پێمان دەگەن
نایان گێڕینەوە بۆ خاوەنەکانیان


ناونیشان
سلێمانی – شەقامی سالم
بەرامبەر بە یانەی ئەندازیاران

لەم ماڵپەڕەدا دەتوانیت بیخوێنیتەوە
www.sardem.org
نرخی (١٠٠٠) دینارە




# دەستپێك



زانست گەنجینەیەکە و نەخشەکەی بەدەست تۆوەیە.
یەکەمین هەنگاو لە خۆتەوە دەست پێ دەکات و
پرسیارکردن و سۆراخکردن و بیرکردنەوە
یارمەتیدەرن بۆ هەنگاونان بەرەو زانست و فێربوون،
هیچ خاڵێکی کۆتاییش لەسەر نەخشەکە نییە،
بۆیە ڕامەوەستە و بەردەوامبە لەسەر
چێژوەرگرتن لە فێربوون

## هێلکە شەیتانۆکە دەپرسێت

هێلکە شەیتانۆکەی ژیر حەزی لە پرسیارکردنە،
دەڵێی چی پرسیارێک دەربڕین و ئاڕاستەی هاوڕێیان و
کەسوکارتی بکەین، تا بزانین چۆن وەڵامی دەدەنەوە.
دەکرێت وەڵامەکە بەم ئیمەیلە بنێرن بۆ گۆڤارەکە:
halkauta@gmail.com



# مامۆستا خۆر

له عەرەبیەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

سیمای یارای خوشکە شەش ساڵەکەم دەدرەوشێتەوە، کاتێ ناوی بەبێ هەڵە دەنووسین، قاقا پێدەکەنێت، بەڵام کاتێ نازانێ چۆن هاوکێشەیەکی ئاسانی بیرکاری شیکار بکات، زۆر نیگەران دەبێت، چونکە تێگەیشتنی بابەتی بیرکاری بە لایەوە قورسە، وەکو شتێکی ئاڵۆز لە سەرە بچکۆلەکەیدا کەڵەکە دەبێت.

دایکم دەڵێ مامۆستا بە میهرەبانییەوە پێشوازی لە یاراو قوتابیە هاوشێوەکانی کردووە، تا لە دوای تەواوبوونی دەوامی خوێندن وانەی بەهێزکردنیان پێ بڵێتەوە. دایکم پێی باش بوو، یاراش بە هەمان شێوە.

لەو ڕۆژەوە چاوەڕێ بووم خوێندنەکەی تەواو بکات‌و تا جارێک بیستم کە مامۆستا خۆر چیرۆکیان بۆ دەگێڕێتەوە:

ڕۆژێک پێنج مەڕ لەگەڵ سێ کوڕی نابینادا چوون بۆ چێشتخانەی گەورەی مەڕەکان، کە زۆریان برسی بوو، دەستیان کرد بە ماعەماع.

بە بۆچوونی ئێوە، چەند قاپیان دەوێ تا تێربن و ماعەماع نەکەن؟

یارا دەستبەجێ وتی: «هەشت قاپ.»



مامۆستا چەپڵەیەکی بۆ یارا لێ دا و وتی: «زۆرباشە، بەڵام بە داخەوە، قاپێکیان لە دەستی خزمەتکارەکە کەوتە خوارەوەو شکا. کەواتە هەشت قاپەکە چەند دانەی مایەوە؟

ئەژین لەولاوە هاواری کرد: «تەنیا حەوت قاپ، بەڵام ئەی مەڕی هەشتەم چی دەخوات؟»

مامۆستا وتی: «ئەگەر بیست لاسکی سیپەڕە یان گەنمەشامی سەوز و تازەیان بۆ بهێنین؟ ئێوە بە لاتانەوە چۆنە؟»

یارا وتی: «ئۆی.... ژمارەیەکی زۆرە.»

مامۆستا بە پێکەنینەوە وتی: «ئەگەر لەسەر بۆرد بینوسین، ٢٠ لەگەڵ ٢٠ی تردا کۆبکەینەوە، دەبێت بە چەند؟ وەرە یارا خۆت بینووسە و شیکاری بکە.»

تەماشای یارام کرد، بیری دەکردەوە و بیری دەکردەوە، لە کاتێکدا کە مامۆستا خۆر هەوڵی دەدا یارمەتی بدات، وتی: «بیر بکەرەوە لە پۆلدا چیم پێ وتی.»

یارا بە جۆش و خرۆشەوە وتی: «دەکاتە ٤٠.»

مامۆستا دەستخۆشی لێ کرد و چەپڵەی بۆ لێ دا، پاشان پێی وت: «تۆ زۆر زیرەکی یارا گیان!»

ڕۆژان تێپەڕین و یارا ساڵێک گەورەتر بوو، لەو ساڵەدا فێری کۆکردنەوەو لێدەرکردن و دابەشکردن و کەڕەتیش بوو.



# گۆڵدانی زانین

وەرگێڕانی
خونچە مەحمود



## لە هەر باخچەی گوڵێک


* دایناسۆری «میکرۆ رابتون» دوو باڵی هەبوو کە بە پەڕ داپۆشرابوون، بەڵام نەی دەتوانی بفڕێت.

* «مانگۆ» لە ئەرجەنتین وشەیەکە گوزارشت لە دراوی «پیزۆ» دەکات.

* لە دێرزەماندا چینییەکان لەسەر ئەوە رێکەوتوون گوێچکە ماسی وەک ئامرازێکی رەسمیی ئاڵوگۆڕکردن بەکاربهێنن، ئەمەش تا سەدەی چوارەمی پێش زایینی و سەرهەڵدانی دراوی کانزایی بەردەوام بوو.

* زیو لە ژیاری «ئینکا»دا بە «فرمێسکی مانگ» دادەنرا، لە کاتێکدا ئاڵتون بە «شیرینیی مانگ» دەژمێردرا.

* چاوەکانی گورگ لە تاریکیدا دەدرەوشێنەوە، لەبەر تاودانەوەی رووناکی لەلایەن چینەکانی چاوەوە.



ژمارەی لێدانەکانی دڵ لە تەمەنی مرۆڤدا



# ئایا ساڵی ٢٠٤٥ ڕۆبۆت جێگەی مرۆڤ دەگرێتەوە؟

ڕاپۆرتێکی کۆمپانیایەکی جیهانی پێشبینی ئەوە دەکات ، ساڵی ٢٠٤٥ خانووەکان بە تەواوەتی دەبنە زیرەك و میکانیکی، پرنتەرەکانیش دەبنە سێ ڕەهەند و ئامرازێك بۆ بەرهەمهێنانی هەموو کەرەستەکان و ئامێرەکانی کۆمپیوتەر لەناودەچن.
ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە زۆربەی کارە ئاڵۆز و ڕۆتینییەکان دەسپێردرێت بە ڕۆبۆتەکان و هۆشداری دەدات دەربارەی ئەوەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی دەگاتە ملیارەها و ژمارەی ڕۆبۆتەکانیش وەك مرۆڤەکان دەگاتە ملیارەها.



## گێلاس بۆ پاراستن لە نەخۆشیەکانی دڵ!

2

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ سەلماندوویەتی، خواردنی گێلاس دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆڵ لەناو خوێندا، دواجار کەمکردنەوەی مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و دەمارەکانی خوێن. گێلاس دەوڵەمەندە بە دژە ئۆکسیدەکان و زۆر کانزای وەك مس، ئاسن، نیکل، پۆتاسیۆم، کالسیۆم، فسفۆر، مەگنیسیۆم و شەکرو ڤیتامینەکان و یارمەتی ئەوانە دەدات کە قەڵەون لە نەخۆشییەکانی دڵ پارێزراوبن.



## مۆز بۆ کەمکردنەوەی کێش!

3

بۆنەکانی مۆز و نەعنای سەوز و ڤانیلا یارمەتیدەرن بۆ کەمکردنەوەی کێش. ئەمە ئەو شتەیە کە چەند لێکۆڵەرێکی ئەمریکی پێی گەیشتوون.
پاش لێکۆڵینەوەیەك کە ٣٠٠٠ خۆبەخش تیایدا بەشداربوون، دەرکەوت ئەوانەی لە کاتی برسێتیدا ئەو بۆنانەیان هەڵمژیوە مانگانە ٢،٥ کیلۆ کێشیان دابەزیوە، بەبێ ئەوەی شێوازی خواردنی خۆیان بگۆڕن. لێکۆڵینەوەکە جەختی لەوە کردووەتەوە، کە خواردنی ڕێژەیەکی گونجاو مۆز لە ڕۆژێکدا یارمەتی ڕژانی هۆرمۆنی «کۆلیستۆکینن» دەدات و هێما بۆ مێشك دەنێردرێت خواردن نەخورێت.





دەگاتە ملیارێک و نیو لێدان.

# ترافیك لایت
# Traffic Lights











1868

## یەکەمین هێما

یەکەمین هێما لە لایەن ئەندازیاری ئینگلیز (جۆن بیك نایت) داهێنرا، کە شارەزایی لە بواری شەمەندەفەردا یارمەتی دا یەکەمین هێمای هاتووچۆ لە جیهاندا دابهێنێ. ئەویش بریتی بوو لە عەمودێك کە باڵێکی ئاسنی پێوە بوو، کاتێك باڵەکە ئاسۆیی دەبوو مانای ڕاوەستە، کاتێك بە گۆشەی ٤٥ پلە دەبوو مانای وریابە. چرایەکی لە سەروو باڵەکەوە دانا کە ڕووناکی سوور و سەوزی پیشان دەدا و بە دەست دەگۆڕا.




1910

## ڕاوەستە و برۆ

داهێنەری ئەمریکی ئێرنست سرین یەکەمین لایتی هاتووچۆی داهێنا کە ئۆتۆماتیکی لە شاری شیکاغۆ کاری دەکرد. ئەو دوو لەوحی یەکتربڕی بەکارهێنا کە لەسەر یەکێکیان نووسرابوو ڕاوەستە و لەسەر ئەویتریان نووسرابوو برۆ.

1912

## قەفەسی باڵندە

داهێنەری ئەمریکی لیستەر وایەر سندوقێکی داهێنا کە دوو گڵۆپی تیادا بوو، یەکێکیان سەوز و ئەویتریان سوور. ئەم سندوقەشی بە ئاڕاستەی هەر چوار لای یەکتربڕدا دانا. لەسەر ئەو سندوقەش، کە بە عەمودێکی ٣مەترەوە بوو، سندوقێکی بچووکتری بۆ ڕەنگی زەرد دانا. لایتەکان بە دەست دەگۆڕان. لایتەکە بە قەفەسی باڵندە دەچوو.





**ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٥ و لە شاری بۆرتلاندی ئەمریکی گیراوە و ترافیک لایتی ئەو سەردەمە پیشان دەدات.**



## 1990

## لایتی نوێ

لە نەوەتەکانی سەدەی بیستەمدا ترافیك لایتێك هاتەئاراوە کە پشت بە کۆنترۆڵکردنی چرکە دەبەست و بۆ شۆفێر و پیادەکانیش سوودبەخش بوو، چونکە دەربارەی کاتی گۆڕانی لایتەکە ئاگاداری دەکردنەوە.










## 1923

## لایتی هەرزانبەها

داهێنەری ئەمریکی گاریت مۆرگان، کە خاوەنی چەندین داهێنانی جۆراوجۆرە، لە یەکتربڕێکدا تووشی ڕووداوێکی مەترسیدار بوو، بۆیە ترافیك لایتێکی داهێنا کە لەسەر شێوەی (T)ی ئینگلیزی و لە هەموو ئاڕاستەکانەوە دەبینرا. جا لەبەر ئەوەی هەرزان دروست دەکرا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شارەکانی ئەمریکا بەکارهێنرا.

## 1920

## لایتی زەرد

ئەفسەری پۆلیسی ئەمریکی ویلیام بۆنس ئەوەی بەدیکرد کە ترافیك لایتی دوو ڕەنگ ناتوانێت ڕێگە لە ڕووداوی یەکتربڕەکان بگرێت، چونکە یەکسەر گۆڕینی لایت لە سەوزەوە بۆ سوور یارمەتیدەرنییە بۆ ڕاگرتنی سوارڕەوەکان. بۆیە لایتی زەردی نێوان دوو ڕەنگەکەی تری داهێنا.



**وێنەیەک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٢ لە شاری نیویۆرک و بریتییە لە تاوەرێکی ترافیک لایتی زەبەلاح کە لە برۆنز دروستکراوە.**

**وێنەی ترافیک لایتی دوو ڕەنگ (سەوز و سوور)لە شەقامی ٥٧ی شاری نیویۆرک گیراوە.**


تاقیگەی بڕیار
حیکایەتی هەنگوین
ئەو هەنگوینە بۆ وا گرانە بڕیار؟
چونکە بەتام و سوودبەخشە و دروستبوونی سەختە.
هەنگوین چۆن دروست دەبێت و سوودەکانی چین؟
هەنگوین خۆراکێکی سروشتییە هەنگەکان لە شیلەی گوڵ دروستی دەکەن.
هەنگەکان زۆر جۆری هەنگوین دروست دەکەن کە دەوڵەمەندن بە زۆر ماددەی سوودبەخش.
هەنگەکان هەنگوین لەبەر ئێمە دروست دەکەن؟
نەخێر، هەنگەکان لەبەر ئێمە هەنگوین دروست ناکەن.


هەنگەکان هەنگوین دروست دەکەن و لە شانەکانی ناو مێوەکاندا عەمباری دەکەن بۆ خۆیان و بەچکەکانیان.
بۆیە کاتێک مرۆڤەکان لە شانەکانی نزیک دەبنەوە پێوەیان دەدەن.
لەبەر ئەمەیە هەنگەوانەکان لە کاتی دەرهێنانی هەنگویندا جلوبەرگی تایبەت دەپۆشن؟ من لە ئاسن دروستکراوم و ناتوانن پێوەم بدەن.
ئێستا وەرە با هەنگوین بخۆین، چونکە زۆر بەسوودەو لە زۆر نەخۆشی دەمانپارێزێ و لەشێکی تەندروستمان پێ دەبەخشێت.
خۆزگە منیش وەکو تۆ دەمتوانی هەنگوین بخۆم و سوودی لێ وەربگرم.



# جلی تازە، پلاو بخۆ

له فارسییه‌وه‌: هیوا

ڕۆژێک... باڵول خۆشحاڵ بوو، ئەویان بۆ میوانی بانگهێشت کردبوو. زووتر لە هەموان خۆی گەیاندە میوانیەکە و لە سەرووەوە لێی دانیشت.

میوانەکان بە جلوبەرگە گران قیمەتەکانیانەوە هاتنە ژوورەوە و داوایان لە باڵول کرد کە جلی کۆنەی لەبەردا بوو تا کەمێک بچێتە خوارەوە و شوێنەکە بەتاڵ بکات بۆ دانیشتنی ئەوان.

لە کۆتاییدا باڵولیان ئەوەندە جێگۆڕکێ پێ کرد تا ناچاربێت لە دەرەوەی ژوورەکە و لەسەر پێڵاوی میوانەکان دابنیشێت و نان بخوات.









چەند ڕۆژێک تێپەڕی. دووبارە باڵوڵ بۆ هەمان میوانی بانگهێشت کرایەوە.
ئەم جارەیان جلوبەرگێکی نوێی لە کەسێک وەرگرت.
پۆشی و چووە میوانی، بەڵام لە دەرەوەی ژوورەکە دانیشت.
میوانەکان دانە دانە لە دەرگاکەوە هاتنە ژوورەوە.
سەیرێکی ئەویان کرد و وتیان: «بەڕێز باڵوڵ!
بۆچی لێرە دانیشتوویت؟ بفەرموو سەرووتر.»
لە کۆتاییدا باڵوڵیان ئەوەندە جێگۆڕکێ پێ کرد تا چووە سەرووی خەڵکەکەوە.
خواردنیان هێنا. سفرەکە پڕ بوو لە خواردنە جۆراوجۆرەکان. باڵوڵ چمکی جلەکانی خستە ناو قاپە پڵاوەکە و وتی: «جلی تازە، پڵاو بخۆ.»
میوانەکان دەستیان لە خواردن هەڵگرت و بە سەرسوڕمانەوە سەیری باڵوڵیان کرد.
یەکێک پرسی: «چی دەکەیت؟ مەگەر جلوبەرگ خواردن دەخوات؟»
باڵوڵ، کە چاوەڕێی ئەم پرسیارە بوو، وتی:«من هەمان ئەو باڵوڵەم کە چەند شەوێک لەمەوبەر، هەر لێرە میوان بووم.
چونکە جلوبەرگەکەم وەک ئێوە نوێ و گران قیمەت نەبوو، ناچار بووم خواردن لەسەر پێڵاوەکان و لە دەرەوە بخۆم. ئێستاش ئەم ڕێزە هی من نییە، هی پۆشاکەکانمە. کەواتە ئەو دەبێت پڵاو بخوات، نەک من.»
باڵوڵ ئەمەی وت و دواتر دووبارەی کردەوە: «جلی تازە، پڵاو بخۆ.»
هەموویان چوونە بیرێکی قووڵەوە.





# جیهانی سامان

سامان جیهانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تیایدا گیانلەبەران و شتە نازیندووەکانیش دەدوێن. ئەو لەگەڵ دوو خوشکەکەیدا بە چەندین هەڵوێستی دەوڵەمەند بە پەند و ئامۆژگاریدا تێدەپەڕێت، کە پاڵەوانەکانی شتانێکن بە بیری کەسدا نایەن.

وەرگێڕانی: ئازاد تەها

## سێ گوڵ





ئەمە ئیشی ئێمەیە لە ژیاندا، بۆیە هەمیشە جوانترین دیارین کە مرۆڤەکان لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی دەکەن.
ئێمە هەمیشە ڕازێنەرەوەی ماڵەکانین و لە هەموو سوچێکدا ڕووناکی و جوانی بڵاودەکەینەوە.
تەنها مرۆڤەکان گرنگیتان پێ نادەن و خۆشیان ناوێن، بەڵکو هەنگ و پەپوولەکان خۆشی و خۆراک لای ئێوە دەدۆزنەوە.
کاتێک گەورە دەبین دەمان کەیتە دیاری بۆ کێ؟
هیوادارین بمان کەیتە دیاری بۆ ئەوەی شایستەمانە.
گوڵی یەکەم دەکەمە دیاری بۆ دایکم سەرچاوەی سۆز و میهرەبانی.
ئای چەندە دڵخۆشم!
گوڵی دووەم بۆ باوکمە کە لە تێکۆشان ناوەستێت بۆ خۆشبەختیمان.
ئەمە لە خۆشبەختی منە!
بەڵام گوڵی سێیەم بۆ ئەو مامۆستایەیە کە هەڵاڵەی زانست و ڕووناکیی زانینم پێ دەبەخشێت.
دەستخۆش سامان... بەڵێنت پێ دەدەین کە خیرا گەورە بین تا ببینە جوانترین دیاری.

# ڕۆزا و هاوڕێکانی

**لە عەرەبییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان**



ڕۆزا  کچێکی جوان و باشە، حەزی لە هاوڕێیەتی ئاژەڵ و باڵندە ماڵیەکانە، کە لە ماڵەوە بەخێویان بکات. ئەو شەیدای پشیلەکەی، سەگە بچکۆلەکەی، بولبولەکەی، کیسەڵەکەی و مراوییە چکۆلەکەیەتی، کە هەموو ڕۆژێک دەیبرد بۆ حەوزە گەورەکە بۆ مەلەکردن و پاشان چاوەڕێی دەکرد بێتە دەرەوە و داوای خواردن بکات.

مراوی دەیغاکاند: «غاک غاک، خواردنم دەوێ.»

ڕۆزا چوو نانی خوساوی بۆ هێنا و پارچەیەک ماسی برژاویشی بۆ دانا.

مراوی چوو بۆ لای قاپەکە و بەر لەوەی دەست بکات بە خواردن بە ترسەوە سەیری سەگەکەی کرد، نەوەکو ڕێی پێ بگرێ و خواردنەکەی بخوات. ڕۆزا لە مەبەستی مراوی تێگەیشت و هاواریکرد: «وەرە سەگە چکۆل، خواردنم بۆ تۆش ئامادە کردووە. وەرە خێرا بیخۆ، هەتا پشەکە نەیخواردووە.»

بەر لەوەی سەگە چکۆل بەرەو قاپەکەی ڕابکات، بە ترسەوە سەیری پشیلەکەی کرد، نەوەکو خواردنەکەی بخوات، هەڵبەتە ڕۆزا لە مەبەستەکەی تێگەیشت و پشیلەکەی بانگ کرد و وتی: «پشە خێرا وەرە، ماسیی بەتامم بۆهێناوی.»

پشە بەرەو لای قاپەکە ڕایکرد، بەر لەوەی پێی بگات، سەیرێکی بولبولەکەی کرد. هەڵبەت بولبولەکە ڕاهاتبوو هەمیشە بە خێرایی دەفڕی بۆ لای قاپەکە و لەسەر لێواری قاپەکە هەڵدەنیشت. ڕۆزا زانی پشە لە چی دەترسێ، هەربۆیە بە دەنگی بەرز بانگی باڵندەکەی کرد: «بولبول، وەرە دانەکەت بخۆ.»

بولبولیش گێرەشێوێن بوو، بەردەوام لەم شوێن بۆ ئەو شوێن دەفڕی. ڕۆزا بە دوایدا ڕایکرد تا بیخاتە قەفەسەوە و خواردنەکەی پێ بدات. لە کاتێکدا ڕۆزا بە پەلە بە دەوری ماڵەکەدا ڕایدەکرد، خۆی کێشا بە مێزێکی گەورەدا و کەوتە سەر زەوی، نەیتوانی بە پێوە خۆی بگرێ و بە گریانەوە هاواریکرد:

– دایە، دایە، خێرا فریام بکەون.

بەر لە هاتنی دایکی،  سەگە چکۆلەکەی چوو بۆ لای، هەر دەموچاوی بۆ دەلستەوە تا ئارامی بکاتەوە. پشیلەکەش وازی لە خواردنەکەی هێنا و بەرەو لای ئەو ڕایکرد و بولبولەکە دڵتەنگ بوو، لەبەر ئەوەی ئەو هۆکار بوو.

دایکی هات... کە بینی ڕۆزا قاچی بریندارە، لەئامێزی گرت و پێی وت: «ئارام بە، نابێت بجولێی ئازیزەکەم تا پزیشک دێت.» باوکی چوو پزیشک بهێنێت و سەگەکەی چاودێری دەکرد. لە کاتێکدا هەموان سەرقاڵی ئەو ڕووداوە بوون کە بەسەر ڕۆزا دا هاتبوو، کیسەڵ دەرکەوت، بە هێمنی سەری لە ماڵە بچکۆلەکەی، کە بە پشتییەوە بوو، دەرهێنا تا بزانێ چی ڕووی داوە.

ڕۆزا بۆ ساتێ ئەو ڕووداوەی لەبیرکرد کە بەسەری هاتبوو و ژیر بووەوە و هاواریکرد: «کیسەڵ ئەوە لە کوێ بووی؟ چەند ڕۆژە بە دواتدا دەگەڕێم، داوا لە دایکم دەکەم کاهوت بۆ ئامادە بکات تا بیخۆیت، چونکە چەند ڕۆژێکە هیچت نەخواردووە.»

دایکی پێکەنی و وتی: «تۆ کچێکی باشی، بەڵام لەبیرت کرد کە بڵێی زەحمەت نەبێ.»

ئینجا پزیشک هات و لێی پرسی: «تۆ تەمەنت چەندە؟»

وەڵامیدایەوە: «پێنج ساڵ.»

پزیشک سەری ڕاوەشاند و وتی: «واتە، گەورە بووی، دەبێت یارمەتیمان بدەیت تا زوو چاک بیتەوە! من بە ئارامی دەتبەمە سەر جێگە نووستنەکەت، پاشان برینەکەت بەم لەفافە بۆ دەبەستم. مەترسە دەرمانێکم لە شوێنی زامەکەت داوە، کە بە زوویی ئازارەکەی دەشکێنێ. بیرت نەچێ هەرچییەکی دایکت پێت دەدات بیخۆ و بە هیچ شێوەیەک قاچەکانت مەجولێنە تا ڕێگەت پێ دەدەم. بەڵێنم پێ بدە کە ڕێنماییەکانی من لەگوێ بگریت، تا بە زوویی چاک بیتەوە.»





# تاقیکردنەوەی ژیــری

**1**

ڕووەکێکە پێی دەوترێت «گوڵی با» لە باخچەکان بۆ ڕازاندنەوە دەڕوێنرێ، چییە؟

أ وەنەوشە
ب نێرگز
ج سەوسەن
د گوڵاڵە سوورە
هـ تەمرهیندی



**2**

ژمارەی نادیاری زنجیرەکە بدۆزەرەوە

654
585
516
447
؟ - - -



**3**

ڕاپەڕینی باشووری کوردستان چ ساڵێک ڕووی دا؟

أ ١٩٩٢
ب ١٩٩٠
ج ١٩٩١
د ١٩٩٣
هـ ١٩٨٩

**4**

ئەو پیتانەی خوارە بە شێوەی وشە ڕێکبخە:

أ (وو ا ت هـ ل ێ)
ب (ڵ ۆ ە ک ت ر ش)
ج (ئ ا م ر ی ا ی ز ە ر)
د (م ڵ ا ی ک ن ا ب ا)
هـ (ب ە گ ی ل ە ع گ ل ی ە)



## 7

پێنج ژمارەی لە دوای یەک کۆی هەموویان دەکاتە:

**45**

کامانەن؟



## 5

کام وشە لەناو وشەکاندا نامۆیە؟

أ مەریخ

ب هورمز

ج زوحەل

د خۆر

هـ نپتۆن

## 8

بەنداوی دووکان دەکەوێتە کام پارێزگای هەرێمی کوردستانەوە؟

أ کەرکوک

ب دهۆک

ج هەولێر

د هەڵەبجە

هـ سلێمانی

## 6

دەڵێین «لە گوێی.... ........».

؟







## 9

کۆئەندامێکی لەشی مرۆڤە جەستە لە ژەهرەکان پاک دەکاتەوە، چییە؟

أ پەنکریاس

ب گەدە

ج ڕێخۆڵەکان

د گورچیلە

هـ جگەر

## 10

ئەم ڕێژانە لە ژمارەکەی خوارەوە

$\frac{1}{4}$ $\frac{5}{8}$ $\frac{3}{5}$ $\frac{5}{6}$

چەندە؟

3200؟



# SpellBound
## سەرسوڕهێنەر





# ناوی من

ناوی زانستیی من و هاوڕێکانم (پرۆبۆسیس)ە، بە مانای پۆزەدار یان لووتدرێژ. نێرەکانمان لووتێکی درێژیان هەیە، کە هەتا پیرتربن، درێژتر دەبنەوە. مێیەکانمان لووتێکی بچووکتریان هـەیـە، بەڵام ئەو نێرانەیان خۆش دەوێت کـە لووتێکی درێژتریان هەیە.



# مەیموونی لووت درێژە!

ئەمە ناسنامەی منە

**ناوی زانستی:** Nasalis larvatus

**جۆری زانستی:** مەمکدارەکان و لە مەیموونە کۆنەکان

**شوێنی ژیان:** تەنها لە دوورگەکانی برۆنای لە باشووری ئاسیا

**ژیانی خێزانی:** مێی ئەم مەیموونە هەر ٢ ساڵ و یەک جار بێچوویەک دەهێنێتە دنیاوە. کاتێک بێچووەکە دێتە دنیاوە نزیکەی ٤٥٠ گرام دەبێت.


**درێژیی تەمەن:** ١٢ تا ١٥ ساڵ

**کۆی گشتی:** نزیکەی ٨٠٠٠ دانەن. بە بڕینەوەی درەختی جۆری شاپەسەند، ژیانی ئەوان لە مەترسیدایە.

**کێش:** لە نێوان ١٢ تا ٢٢ کیلۆ بۆ مەیموونی نێر و لە نێوان ٧ تا ١٢ کیلۆ بۆ مەیموونی مێ.

## ئەو ڕۆژەی تێگەیشتم دایکم چ پاڵەوانێکە

ئەو ڕۆژە دایکم لەم درەخت بۆ ئەو درەخت بازی دەدا، ئەو لەسەر لقێک دەوەستا و قاچەکانیشی بە توندی دەجووڵاند. ئەو دەیەویست بەبێ کەوتنە سەر زەوی، لەسەر درەختەکان بازبازێن بکات. دایکێک کە ١٥م لە هەوادا بازبدات، بە ڕاستی تەواو پاڵەوانە.



## *ئەو ڕۆژەی لەسەر درەختێک دانیشتم


ئەو ڕۆژەی وەک هەموو مەیموونە لووت درێژەکانی تر بە هۆی کلکمەوە خۆم هاوسەنگ کرد و لەسەر درەختێک دانیشتم. ئەو ڕۆژە لەم درەخت بۆ ئەو درەخت بازم دەدا و شەویش وەک هەموو هاوڕێکانی ترم لەسەر لقەکان خەوتم.





## * ئەو ڕۆژەی تێگەیشتم لووتدرێژ چ دەردەسەرێکی هەیە

ئەو ڕۆژە کاتی نیوەڕۆ خەریک بوو هەندێک گەڵای درەختی شاپەسەندم دەخوارد، بەڵام لووتە درێژەکەم ڕێی لە خواردنەکە گرت. لووتم ئەوەندە درێژ بوو کە دەهاتە سەر دەمم، منیش بە ناچاری گەڵای درەختەکانم لەژێر لووتمەوە دەخستە ناو دەمم.



## * ئەو ڕۆژەی تێگەیشتم مەلە دەزانم

ئەو ڕۆژە هەڵکشان و داکشان بوو و ئاوی دەریاکە هاتبووە سەرەوە. بۆ جارێک دارستانەکەی ئێمە کە نزیکی دەریاکە بوو کەوتە ژێر ئاو، بەڵام ئاوەکە کاریگەری لەسەر من نەبوو، چونکە لە زمانی ئەوم دەزانی و مەلەم دەزانی. زۆر بە باشی مەلەم کرد، بەڵام وریابووم نەوەک لەناو ئاوەکە تیمساح هەبێت، چونکە شارەزای زمانی ئەوان نەبووم.




**ئەو ڕۆژەی تێگەیشتم تا دایکم هەبێت غەمم نییە**

ئەو ڕۆژە من و دایکم لە کۆمەڵەی مەیموونەکان دووربووین. من بە لووتێکی بچووکی پەمەیی تازە هاتبوومە دنیاوە. دایکم جێگەی بۆ من و خۆیشی لەسەر درەختەکە دروست کرد، تا خۆراکم بداتێ. لەو سەرەوە هیچ پڵنگێک دەستی نەدەگەیشتە ئێمە. من زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە لەگەڵ دایکم جێگەکەم تەواو پارێزراو بوو.



*** ئەو ڕۆژەی گەرمترین شوێنی دنیام پەیدا کرد**

ئەو ڕۆژە هێشتا بێچووە مەیموون بووم، دایکم دەیەویست بڕواتە دەرەوە، منیش بە توندی بە لەشیەوە نووسام و لەگەڵیدا بووم. ئەوەندە بە توندی دایکم گرت، کە ناچار نەبوو بە دەست هەڵم بگرێت. هەر لەبەر ئەوە دەستەکانی بۆ سەرکەوتن بەسەر درەخت و کۆکردنەوەی خۆراک و میوە ئازاد بوو. ئەو خۆراکی کۆدەکردەوە، منیش بە گەرمترین شوێنی دنیا، کە دایکم بوو، نووسابووم.



*** ئەو ڕۆژەی تێگەیشتم خەریکە گەورە دەبم**

ئەو ڕۆژەی من کەمێک گەورەتر بووبووم، دایکم بردمی بۆ لای کۆمەڵە مەیموونەکانی تر. ئەوێ پڕبوو لە مەیموونی هاوساڵ و سەلامەتی تری وەک من. ئێمە پێکەوە یاریمان دەکرد، ڕووخسارمان ڕەنگی گۆڕابوو، لووتیشمان خەریک بوو کەم کەم گەورە دەبوو. دایکم وتی: «کە بوویتە ٦ یان ٧ ساڵان، لووتت وەک لووتی ئێمەی لێ دێت.»


# مەیموونە لووت درێژەکان
# لووت و سکێکی گەورەیان هەیە

**ئەگەر ئارەزوو دەکەیت دەربارەی ئێمەی مەیموونە لووت درێژەکان زیاتر بزانیت، ئەم بەشە بخوێنەرەوە!**



*** کلکی سپی**


جیاواز لە مەیموونە گەورەکان و وەک هەموو مەیموونەکانی تر، ئێمە کلکمان هەیە. کلکی ئێمە بە نزیکەیی بە قەدەر جەستەمان دەبێت.




*** قاچی بەرز و باریک**

ئێمە لەسەر ٤ دەست و پێی خۆمان دەڕۆین و دەتوانین چەند هەنگاوێکیش بە دوو قاچ بڕۆین. لەنێوان پەنجەکانماندا پەڕەیەک هەیە کە یارمەتیمان دەدات لە مەلەکردندا.

## ناونیشانی شوێنی ئێمەی مەیموونە لووت درێژەکان





١ زەلکاوەکانی درەختەکانی شاپەسەند لە جەنگەڵەکانی ئیستیوایی و نزیکی دەریا و تەواو داپۆشراو بە ئاو.

٢ درەختەکانی شاپەسەند لێرە دەتوانن لە ئاوی سوێریشدا بژین.




٣ درەختەکانی شاپەسەند لە گلێشدا گەورە دەبن، چونکە ڕەگی تایبەتیان هەیە کە دەتوانێت بیان پارێزێت.

٤ مرۆڤەکان ئەو زەلکاوانەی تایبەتە بەو درەختانە پیس دەکەن. هەر لەبەر ئەوەیە کە شوێنی ژیانی ئێمە کەم و کەمتر دەبێتەوە.





# ئامۆژگارییەکانی ژیاری ژیر

وەرگێڕانی: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

# چۆن دەتوانین سەرکەوتوو بین؟

سەرکەوتن وشەیەکی گەورەیە کە هەموان ئارەزووی دەکەن. قوتابی ئارەزووی سەرکەوتن دەکات لە خوێندندا، باوک خەونی سەرکەوتنی هەیە لە کاردا، بەهرەمەند ئارەزووی ئەوەیە سەرکەوتوو بێت و خەڵک بەهرەکەی ببینێ، ئایا ڕێگەی سەرکەوتن سەختە؟

**دەستپێکردن لەو خاڵەوە کە کەسانی تر کۆتاییان پێ هێناوە**
ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لە کەمترین کاتدا هەوڵەکانمان بەئەنجام بگەن. بۆ نموونە: سوودوەرگرتن لە نموونەیەکی سەرکوتووی کەسێکی تر بۆ چۆنیەتی وانە ئامادەکردن.

**ڕێکخستنی کارە لەپێشتنەکانی ژیانمان**
کارە لەپێشینەکان لە ژیانماندا دەخەینە سەرەتای بەرنامەکانمان، هەمیشە لە گرنگترینەکانەوە دەست پێ دەکەین.
ئەمە یارمەتیمان دەدات بە باشترین شێوە بگەین بەوەی دەمانەوێ.



**ئێمە خاوەن پلانێکی کارکردنین**
بۆ نموونە، قوتابی بەرنامەیەک بۆ سەرکەوتن دادەنێت، پاشەکەوتکەر بەرنامەیەک بۆ دەوڵەمەندبوون و بەهرەمەند بەرنامەیەک بۆ بوون بە ئەستێرە دادەنێت لە بوارەکەی خۆیدا.





## متمانە بەخۆ بوون

ئێمە سەرەتا پشت بە توانا ئەقڵی و جەستەییەکانمان دەبەستین، کە دەرفەتمان پێ دەدات شوێنی شیاوی خۆمان بگرین لە کاروانی سەرکەوتندا.



## گەشەدان بە توانا و شارەزاییەکانی خۆمان

بۆ نموونە: بەهرەکانمان لە بواری شانۆدا بە تەنیا بە نمایشی ماڵەوە نەخەینە ڕوو، بەڵکو بەهرەکانمان لە قوتابخانەش بخەینە ڕوو. کەواتە پێویستە بەشداری لە چالاکیەکانی قوتابخانەدا بکەین.







## ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو بەربەست و ئاستەنگێک و پاشەکشەنەکردن

سەرکەوتنی ڕاستەقینە زاڵبوونە بەسەر کۆسپ و دژوارییەکانداو گۆڕینی ڕێگەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانج و بەدیهێنانی سەرکەوتن.

# کۆڕۆنا هێشتا ماڵئاویی نەکردووە



دەستشتنی بەردەوام
بە ئاو و سابوون

تەنگەنەفەسی

## نیشانەکانی



تا و سەرئێشە



کۆکە



ئاوکردنی لووت



ئازاری سنگ

# گواستنەوە






## بەدووربە لە



دەستدان لە
ئاژەڵی کێوی



بێ دەستشتن دەستدان لە
چاو و لووت و دەم



پەیوەندی نزیک
لەگەڵ کەسانی دیکە

## خۆپاراستن





دەم و لووت گرتن بە دەسڕ
لە کاتی پژمین و کۆمەدا



بەکارهێنانی دەمامک
لە کاتی تێکەڵبووندا



سەردانیکردنی پزیشک
لە کاتی ناساخیدا




کوڵاندنی باشی
گۆشت و هێلکە

# زەیتون

چاندنی داری زەیتون دەگەڕێتەوە بۆ ٧٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر
لە ناوچەی دەریای سپیی ناوەڕاست.

وەرن با ئاشنابین بە بەناوبانگترین
ئەو ناوچانەی زەیتون بەرهەم دەهێنن:




ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی دار زەیتونەکان
لە جیهاندا ٨٦٥ ملیۆن دانە بووە.

٩٠٪ی بەرهەمی زەیتون
بەکاردەهێنرێت بۆ
دروستکردنی ڕۆنی زەیتون و
١٠٪ی بۆ خواردن.

لەو ساڵانەدا چاندنی دار زەیتون لەو ناوچانە ئەنجام دراوە:

ساڵی ١٥٦٠ لە لیما (وڵاتی پیرۆ) ئەمریکای باشوور

ساڵی ١٩٠٨ لە دوورگەی شودو لە یابان

لەگەڵ ئێمەدا کورسی خۆتان بگرن
بۆ فڕین بە جیهانی هونەری حەوتەمدا.
باسی خۆشترین فلیم کارتۆنەکانتان
بۆ دەگێڕینەوە.






# دێوەکان
# دەبنە هاوڕێی منداڵ

MONSTERS, INC.



شارەکان پشت بە سەرچاوەی زۆری وزە دەبەستن کە بەشدارن لە ئیشپێکردنی کارگەکان و ڕووناککردنەوەی شەقامەکان و کۆگاکانو ماڵەکانو ڕێکردنی ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و شەمەندەفەرەکان دا. لەم سەرچاوانەش: نەوت، گازی سروشتی، وزەی ناوکی، وزەی خۆر و هیتریش. خەیاڵ بکەن کە شارێک هەیە سەرچاوەیەکی وزەی جیاوازتر لە هەموو ئەوانەی دەیان زانین بەکاردەهێنێت، ئەویش قیژە و هاواری منداڵانە!



ڕووداوەکانی فلیمی Monsterm inc، کە لە عەرەبێدا بە «کارگەی ترسێنەرە دیاریکراوەکان» ناسراوە، لە شارێکی تایبەت بە دێوەکان ڕوودەدەن، کە کارگەیەکی گەورەی تێدایە و دێوەکان فەرمانبەرن تیایدا بۆ ترساندنی منداڵان لە ژوورەکانیاندا، لەپێناو دەستکەوتنی هاوار و قیژەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو وزەیەی شارەکە پێویستیەتی. پاڵەوانی فلیمەکە (سۆلی)ی دێو لیستی ترسێنەرەکان دەردەکات و ژمارەی پێوانەیی دەشکێنێت لە بردنەوەی هاواری منداڵاندا. هاوڕێ بچووکەکەی(مایکی) کە یاریدەدەرێتی لەگەڵیدایە. سولی توشی کێبڕکێی توند دەبێت لە لایەن دێوی ترسێنەرەوە (ڕاندل) کە هەوڵی گۆڕینی شوێنەکەی لە سەرەتای خشتەکەدا دەدات تا دێوەکە زیاتر ترسێنەربێ.

گرنگترین یاسا لە کارگەی ترسێنەرە دیاریکراوەکاندا ئەوەیە، بەرکەوتن لەنێوان دێوەکان و منداڵاندا ڕوونەدات، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەوە هەڕەشە لە ژیانی دێوەکان دەکات و دەبێتە مەترسی لەسەر شارەکە. لێرەوە وروژان دەست پێ دەکات. جارێک لە جارەکان (سولی) دەچێتە ژووری یەکێک لە منالەکان، بەڵام توشی سەرسوڕمان دەبێت کە منالەکە هاتووەتە ناو کارگەکەوەو دوای دەکەوێت و یاری لەگەڵدا دەکات. ئینجا ڕۆڵەکانیان پێچەوانە دەبێتەوە و (سولی) دەترسێت! سولی و مایکی هاوڕێی هەوڵدەدەن منداڵەکە (بو) بگێڕنەوە بۆ خێزانەکەی، پێش ئەوەی ئەوانیتر بە بوونی بزانن. بە تێپەڕبوونی کات دوو هاوڕێکە تێگەیشتن کە پیلانێکی خراپەکارانە هەیە لە کارگەکەدا و کار بۆ بەرانگاربوونەوەی دەکەن.



سەرەڕای ئەوەی ناوی فلیمەکە ئاماژە بە ترسناکی دەکات، کەچی پڕە لە دیمەنی کۆمێدی و کاتێک دێوەکان لە نزیکەوە دەناسین بۆمان دەردەکەوێت بەو ڕادەیە ترسێنەر نین!
فلیمی Monster,inc لە ساڵی ٢٠٠١دا دەرچووە و بەرهەمی هەردوو کۆمپانیـای دیزنی و بیکسارە و سەرکەوتنێکی مەزنی بەدەست هێناوە.

# ١٠ جیاوازی


دوو وێنەی هاوجووتمان لەبەردەمدایە،
بەڵام ١٠ جیاوازی لەنێوانیاندایە،
ئایا دەتوانیت بە ٥ خولەک بیان دۆزیتەوە؟





# گەنجینەی ون

ئەگەر لەو ڕێونەی یەکەم ڕزگارت بوو، ئایا دەتوانیت ڕێونەی دووەم ببڕیت و بگەیتە گەنجینەکەی سەرەوە؟



# کیسەڵ



**دوو جۆر کیسەڵ هەن، کیسەڵی وشکانی و کیسەڵی ئاوی.**
**لەشی کیسەڵ بە کاپوولێک داپۆشراوە و تەمەنی**
**بە شێوە ئەندازەییەکانی سەر کاپوولەکەی دیاری دەکرێت.**

**پێداویستیەکان:**

بووتڵێکی گەورەی پلاستیکی، پارچەیەک ئیسفنجی تەخت، لیم و مقەست.


**1**

**بنی بووتڵەکە بەو شێوەیەی وێنەکە دەبڕین و وەک کاپوولی کیسەڵەکە بەکاری دەهێنین.**




**2**

**بنی بووتڵەکە دەخەینە سەر ئیسفنجەکە و بە قەڵەم قەبارەی کاپوولەکە دیاری دەکەین و سەر، پێ و کلکی کیسەڵەکەی لەسەر دروست دەکەین.**




**3**

**ئەو شێوەیەی لەسەر ئیسفنجەکە دروستمان کرد بە مقەست دەبڕین.**



**4**

**کاپوولە پلاستیکیەکە لەسەر ئیسفنجەکە دادەنێین و داوا لە گەورەیەک دەکەین بە دەزوو پێکەوەیان بدوورن، بە مەرجێک دەزووی دوورینەکە وەک ئەوەی وێنەکە دەربکەوێت.**



**5**


**بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ دەمو چاوەکانی کیسەڵەکە دروست دەکەین.**



**لەیادت بێت کە بەکارهێنانی مقەست پێویستی بە یارمەتیی کەسێکی گەورەیە.**

**6**

**دەتوانین لەژێر کاپوولە پلاستیکیەکەوە ئیسفنجەکە بدڕین تا ئەگەر ئاو چووە ناوەوە کیسەڵەکە بتوانێت مەلەبکات، هەروەها دەتوانیت شت بخەیتە ناوییەوە بۆ ئەوەی کیسەڵەکە بیگوێزێتەوە.**





# بەهرەی هونەری



## ئەم وێنەیە تەواوبکە و ڕەنگی بکە





# نووسین لە کۆن و نوێ دا

